
Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: cn=Kurdistan Net, o=Kurdistan Net, ou=www.kurdistannet.org, c=NL
Date: 2002.04.20 00:43:09 +01'00'

# ( سروودەکانی نێو ماڵی عەشق ) *

## بۆ / شاپور عبدالقادر و قابیل عادل



ناڵە حەسەن

بێ‌نەواتر لە پەنجەرە ئەستێرەییەکانی رووبار
ئەم فیراقی مردن و ئەم بزە تریفەییانەت بۆ کوێ دەبەی...؟
لەم مەراسیمی عەدەمە ,
ئیدی کام سەحەر لە باوەش دەگریت و
لێوی بادەی کام شەوی شەوگاری‌یەکانیش ماچ دەکەی...؟
تۆ پارچەیەکی لەو رازە خەندە لە سی‌یەکانت دەباریێ
دەست هەڵبرە وبا سروودە موچرک ئامێزە گەرم گەرمەکانی
دڵی خۆمت بۆ بڵێم...!
ئەی شەهێنیترین ناخە پرشنگاوی‌یەکەی خەون
حەز دەکەم پیاڵەیەك لە شەرابە رۆحانی‌یەکەی هەناسەم
بەدوای باڵاتەوە برێژم.
ئەو ساتانە چەند پر ختووکە بوون کاتێك ,                لە ژوورە
بچکۆلە تاریکەکان گوێمان
لە گۆرانی‌یەکانی راز و نیازی جیێ ژوانگەی دڵمان رادەگرت

**وا خەریکە ئیرادەی خۆم لە دەست دەدەم**
**لە داخی هەڵوەرینی ئەو گوڵە ناخ پڕ لە تامەزرۆیانەی**
**ئەوانەی عەشق لە مەمکەکانیان دەباری**
**ئەی چارەنووس / چ رۆژگارێکە ئەم نامۆ بوونە**
**چ فیراق و مردنێکە ...!**
**من بێ گوناه نیم /**
**لە گریانی درەختە بەهاری‌یەکان و**
**لە گریانی فریشتەی ناو جەنگەڵەکانی سەر گونای مانگ**
**من بێ گوناه نیم / لە رۆینە بازنەییەکانی پەلکەزێرینە**
**زەمەن مشتێك خۆڵەمێشە**
**داهاتووش گەردەلوولێکی نارنجی**
**گریان: ئەی‌سەراسیمەترین بارانە لەنجاوییەکانی رۆح**
**ئەی هاورێکەم / من و گریانە رەشوکی‌یەکان پێکەوە لە دایك بووین**
**من و حەزە دڵگەشەکانیش پێکەوە دەمرین**
**چیترت لێم دەوێ ئەی راز...!**
**رۆژ ژمێری ئەو چەند رۆژەم لەنێو لەپی دەستەکانتە**
**مردن بۆ چەند چرکەیەك/شەرابیترین کەڤالەکانی‌مەرگ**
**بەرد باران کردنی پەپوولە ئەشقیاکان**
**گرمە و گەمەی شەپۆلی هەورە قەترانیەکان**
**بازبازێنی نەهەنگە ئافاتیە ئەزەلی‌یەکان**
**لە گەڵ عاشق بوونی من چ فیتنەیەك هەڵگیرسا**
**چ کۆرانیەکی تەلیسماوی ناز بە سەر گەرووی "با"دا دەکا**
**چ دۆزەخێك خزایە نێو دەمارەکانی ئاگر**
**ئەی راز: بەدەم لاواندنەوەی خەمە سپی‌یەکانم**

له كەنار بەیاذیەكی ئەڤیناوی
پەیكەرێك له عەشق دەتاشم
پەیكەرێك له باران
پەیكەرێك له بووكه شووشەكانی منداڵیم
ئەم قەفەزیفیتنه و ئەم بوومەلەرزه سەرابیانه به من مەسپێره ئەی راز
ئێمه جۆگەلەیەكین له رووباره ئاوێنەییەكانی عەشق
با باخچەی دڵمان برازێنینەوه به نافووره كریستالیەكان
با مۆمی چركه لەززەتاویەكان داگیرسێنینەوه لەو شەوانەی تاریكی
ریگا گەردەلوولیەكان دادەپۆشێ و چیرۆكی زەماوەندی خۆی دەگێرێتەوه .
بم بەخشه ئەی راز...بخووری فەنا بوونی باڵندەكان و پیر بوونی
قەقنەسه دڵتەرەكان بەمن مەسپێره .
منی نەورەسی لەسەر سینەی "با"
ئەو نامه ئەڤینیانه دەخوێنمەوەكه بۆنی نێو مەمكۆڵەی كچه
عاشقەكانیان گرتووه
چەند پر میهرن / ئەو قسه
ساكارانەی كاتی خۆی له سەر قەدی دار سنۆبەرەكان
دەمانوسی و پێمان دەگوتن یادگاری.
تەمەنێكه به نێو تاریكایی هەوره باڵا لەت لەتاوییەكان دەسوورێمەوه
جكه له مرواریەكانی عەشق چیترم نەدۆزیەوه
تەمەنێكه لەناو دەریایەكی پر له پشكۆ و
دەریایەكی پر له شەونمه ئەفسوناوییەكان مەله دەكەم
جگه له دەنكه تەزبێحێكی تروسكەی خۆرەتاو / چیترم نەدۆزیەوه
تەمەنێكه لەسەر شەقامەكانی ئەستێره پیاسه دەكەم و

**دیوی ناوەوە و دەرەوەی   خۆم رەسم دەکەم**
**جگە لە چەند پارچە شووشەیەکی شکاوی ئاوێنە گەلاّییەکان**
**چیترم نەدۆزییەوە ...!**
**ئەی هاوریێکەم دە دەست  هەڵبرە**
**با ئەو سرووده پر لە ئەڤینیەت بۆ بلێم**
**کە تۆ دلْت پیێ خۆش دەبێت و منیش گیانم پیێ  گر دەگریێت ...!**
**بەرەو لاتان دێم / مێژووی تەمەنێکی پر کارەسات دەنووسمەوە**
**ناخی بارانە بەجێماوەکانی سەفەرە غەریبیەکان و نهێنیەکانی**
**وێرانەترین و نەرمۆلەترین مردنە ئەسمەریەکان دەنووسمەوە**
**ئیدی لە حزوری ئێوەدا عاشقانەترین سلاو و**
**نەورەسیترین ماچتان پیێ دەبەخشم ...!**
**ئێوەش لە حزوری مندا تەنها بزەیەك ... ئەی شەهێنیترین**
**گۆنا پەمەییەکانی رۆژگارە کەژاوەییەکان .**
**ئەی راز / بەر لە درەوشانەوەی مانگ منت دەبینی**
**بۆ گەردانە لوئلوئیەکانت بە دیاری لێم وەر نەگرت ...؟**
**بەر لە بینینی منیش ,**
**گوناهەکانی ئازیزترین شەوە پر نەغماوییەکانت دەبینی**
**بۆ پێکێك لە شەرابە فستقاوییەکەی  سەفەرە خۆش خۆشەکانی**
**خەیاڵمت نەخواردەوە ...؟**
**ئیدی لە حزوری کام منەتبارترین رۆژانی ئەڤینیم بگرییێم ...!**
**کام یادگاریم ..**
**کام ماچە پر ترسەکانی بەیانیانم**
**کام ساتە شەرمئامێزە زایەندیەکانم / بگێرمەوە ..!**
**لە نێوان ئێستا و دوێنێمدا**

**تاقانه ترین یادگاریم له ئاگر تۆمار کردووه**
**سروشت له ناو ناوەوەی خۆیدا , کلّپەی سەمایه "مایکل جاکسۆنیەکان"م**
**باوەشێن دەکا .**

**ئیدی دەربەستی چی بم ..؟**
**من گوناهبارترین کوکوختیەکانی**
**مەنزڵگه شووشەبەندەکانی زەمەنه خۆڵەمێشیەکانم**
**من دەریایەکم لەو کۆراڵه به سروودەکانی نێو ماڵی عەشق**
**دنیا به سەما دەهێنم**
**ئیدی تەنها بۆ کچێنی خەونه تەتەریەکانم خەم دەخۆم ,**
**که نەمتوانی هینده مەمکۆڵەکانیان بگوشم .**
**تا چیتر جەسته عەشقئامێزاوییه لەزەتاویەکەیان**
**له خوێنه پیسەکان وەرنەدەن .**
**ئەی هاورێکەم دەست هەلبره ,**
**قژی ئەو ژنه دڵ پر له رازەم پێ نیشان بده**
**ئەم قژه خاوه جوانه بریسکەییانه با هەر له نێو دەستتا بێ**
**له پەنجەکانی خۆت بیئالێنه وونی مەکه**
**ئەمه قژی عەشقه ئەبەدیه یاقوتیەکانی رۆحی منه**
**ئەی راز ...ئێمه به خەوه سپیەکانمانەوه جوانین**
**ئەسەف بۆ گوڵ و گوڵزاری تەنیاییترین و ئەڤیناویترین**
**رۆژانی دڵم هەڵدەکێشم**
**با باخچه وێرانەکان ئاوەدان بکەینەوه و به گوڵاویش ئاورشێنیان بکەین**
**ئەی راز...**
**دەبا ریز ببەستین ئیستا کاتی گوتنەوەی سروودە به سۆزەکانه**

بم بەخشە ئەی راز...
ئایەتەکانی خۆکوشتن و ئاڵودەبونی فەنابوونم پێ مەبەخشە.
من گوناهبار نیم و بێ گوناهیش نیم ..
لەو قەقنەسانەی بوون بە ئاگر لەو ئەستێرانەی بوون بە حیکایەت
لەو لافاوانەی بوون بە گەردەلوول...!

ئایاری1998
هەولێر

---

* ئەم شیعرە لە کتێبی ( عەشق و بەرائەتی ئاو ) وەرگیراوە